کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 13-11-2007 2:08

**ئاقۆمیتری نیشتمانپەروەری ... ئەحمەد محەمەد ئابلاخی***

ئاقۆمیتر ئەو ئامێرەیە کە تەزوی کارەبای پێ پێوانە دەکرێت، ئەم ئامێرە بەرز و نزمی ڤۆڵت و چەندێتی ئەمپێر قیاس دەکات، ئەگەر نیشتمانپەروەریش تەزویەك بێت یان هەستێك بێت لەناخی مرۆڤدا، ئەوا پێویستی بە ئامێرێك هەیە بۆ پێوانەی، شەهید بوون لەپێناو نیشتماندا بەرزترین پلەی ئەو نیشتمانپەروەرییەیە، جێهێشتنی نیشتمانیش بەبێ هۆ داماڵینی ئەو هەستەیە، بەڵام جێهێشتنی بەناچاری (کە ئەو ناچارییە هۆکاری زۆرە) ناکاتە لەبیر کردن و ڕوتبونەوە لەو هەستە، پێش هەموو شتێك دەمەوێت هەندێك جیاوازی نیشان بدەم لەنێوان هەستی نیشتمانپەروەری و ئولفەت گرتندا، ئولفەت گرتن بەمانای ڕاهاتن لەشوێنێکدا و خوو پێوەگرتن و دواتر خۆشویستن، تۆ لەگەڕەکەکەی خۆتاندا خووت بە بەردەرگا و خانووەکەی خۆتان و سەرسوچ و دارتێلی گەڕەکەکەوە گرتووە و کۆمەڵێك یادگاریت هەیە تیا، هەردەم یادی دەکەیت و خۆشتدەوێت و لەگەڵیدا دەژیت، یان کاتێك بۆ خوێندن دەچیتە دەرەوەی وڵات و چەند ساڵێك لەزانکۆیەکدا هەڵسوکەوتت کردووە، تەنانەت بۆ بەردەرگا و کورسییەکانی زانکۆ و شوێنەکانی تری لەناو هەستدا شوێنێك جێدەهێڵێت کە ئەو شوێنە ناکاتە نیشتمان و ئەو هەستەش ناکاتە نیشتمانپەروەری، بۆیە نیشتمانپەروەری تەنها خۆشەویستی گەڕەکەکەی خۆتان و شارەکەی خۆتان نییە، بەڵکو نیشتمان ئەو وڵاتە سنوردار کراوەیە کە کۆمەڵێك مقەوماتی تایبەتی خۆی هەیە، کە گەلێك یان چەند گەلێکی تیا دەژی، کۆمەڵێك شت بەیەکیانەوە دەبەستێت کە شارەزایانی ئەو بوارە ئەو شتانەیان دیاریکردووە بەهاوبەشی لە مێژوو عورف و عادەت و زمان و ئاین و زۆر شتی تر، بۆ نمونە کوردستان نیشتمانێکە چەند گەلێکی تیا دەژی وەکو کورد و هەندێك عەرەب و هەندێك تورکمان کە هەرچەندە زمانیان جیاوازە، بەڵام لەکۆمەڵێك شتی تردا هاوبەشن، خۆشەویستی ئەم نیشتمانە بەنیسبەت هەریەکێك لەوانە (کورد، عەرەب، تورك) ئەوە نیشتمان پەروەرییە.

جیاوازییەکانی تری نێوان ئولفەت و نیشتمانپەروەری جگە لەوەی کە باسمانکرد ئەوەیە، ئەو شوێنەی ئولفەتت پێوە گرتووە حەزناکەیت بگۆڕدرێت، بۆ نمونە حەز ناکەی کۆڵانە قوڕەکەی گەڕەکی خۆتان و خانووە لا رووخاوەکە بگۆڕدرێت و ببێت بەقیر و کۆنکرێت، چونکە شوێنی یادەوەرییەکانت لەبەرچاو لادەبات و دەیانسڕێتەوە، تەنانەت پورە حەبێی گەڕەکەکەتان کە بە منداڵی دەتبینی لە سوچی کۆڵانەکە دادەنیشت حەز ناکەی قەد بمرێ، بەڵام نیشتمانپەروەری ئەوەیە حەز دەکەی بەردەوام وڵاتەکەت پێش بکەوێت و شان بدات لەشانی وڵاتانی جیهان بەشەقامە رازاوەکان و تەلارە بڵندەکان و دەیان جوانکاری تر، ئەوەی یەکەم، ئولفەت گرتن بە گەڕەك و کۆڵانەکەوە هەستێکی کۆنە پەرستانەی چەق بەستوو درووست دەکات و ئەمەی تریشیان نوێخواز و گەشە کردن، بەڕای من ئەو هەستی ئولفەت گرتنە لای هەموو کەس هەیە تەنانەت مرۆڤی خۆپەرست و شێتیش، بەڵام هەستی نیشتمانپەروەری لای خەڵکانی هەست بەرز و مرۆڤدۆست و ژیر هەیە و هەرگیز لای مرۆڤی خۆپەرست و شێت و بێ دەربەست نییە.

بێ هەست و کەم عەقڵ و خۆپەرست و بێ دەربەست و نامەردن ئەوانەی باکیان نییە لەوەی سوپای تورك وڵاتەکەیان داگیر بکات یان ئێران دێ و شاخەکانی بۆردومان بکات.

*سەرنوسەری ڕۆژنامەی ڕۆژانەی سلێمانی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.